# نێرگز

بڵاوكراوه یه كی ئه ده بی و ڕۆشنبیری وكۆمه ڵایه تی یه كۆمه ڵه ی كورد ده ری ده كات له ئه ریزۆنا / ئه مریكا
ژماره : ١ ساڵی یه كه م سه رماوه زی ساڵی ٢٧٠٠ ی كوردی/دیسه مبری ساڵی ٢٠٠٠ ی زایینی
ئاماده كردنی : نه وزاد مصطفی عزیز

## له م ژماره یه دا :

* سه ردێڕ ...
* باسێك ده رباره ی كۆمه ڵه ی كورد ...
* ناودارانی كورد ...
* كورته چیرۆك ...
* شیعر ...
* چه ند زانیاری یه ك ...
* بابه تی هه مه ڕه نگ ...

* * * *

ناونیشان :

Nergiz
3101 W. Pierson st.
PHX, AZ 85017
U.S.A
Tel: 602-242-9969

دێته گوێم ده نگی به سۆزو شیوه ن وگریانه وه
ناڵه یی دڵه له حه سره ت خاكی كوردستانه وه
لانه وازو بێكه س ومه زڵوومن ئێسته قه ومی كورد
گا به ده ستی توركه كان و گا به ده ست ئێرانه وه
ئیسمی ویجدان وعه داله ت بێ موسه ممایه و درۆ
بۆ سیاسه ت ئه م قسه كه وتۆته سه رلێوانه وه
ڕاسته گه ر ئیسمی عه داله ت بۆچی منداڵانی كورد
وێڵ وسه رگه ردان بسوڕێنۆ به سه ركێوانه وه
ئه مڕۆ با وابێ به ڵام ڕۆژێ ئه بێ ئه ولادی كورد
دێنه وه مه یدان به عیلم و سنعه ت و عیرفانه وه

* * ئه حمه د موختار به گی جاف * *

## سه ردێر . . .

خوێنه ری ئازیز . .

وا به وپه ری خۆشحاڵی یه وه ,نێرگز که وته به ر ده ستی ئێوه ی خۆشه ویست,به هیوای ئه وه ی له ده ره وه ی کوردستان و غه ریبایه تی دا, بتوانین خزمه تێکی بچوکیش بێت,له بواری ئه ده بی و رۆشنبیری و کۆمه لایه تی دا, بکه یه ئین به زمانی کوردی .

هه لبه ته ماوه یه کی زۆره خولیای بلاوکراوه یه کی کوردی بووم, به لام هه ل و مه رجێکی گونجاوو له باری وام بۆ نه ره خسابو که ئه م کاره جێ به جێ بکه م . که هه رچه نده ئه م ژماره یه له قه واره یه کی بچوك وساوادایه هێشتا, به لام له گه ل ئه وه شدا شه ونخوونی و ماندوو بوونی گرته خۆی به شی خۆی.

ئه وه ی شایانی باسه هه وڵی ئه وه م داوه که بابه تی هه مه ره نگی تیادا کلێشه به ردار بکه م بۆ ئه وه ی هه موو خوێنه رێك بتوانێت سوودی لێ وه ربگرێت و چێژی تایبه تی لێ ببینێت .

جا بۆ ئه وه ی بتوانین له ژماره کانی داهاتودا, زیاتر بابه ته کانی ده وڵه مه ندتر بکه ین ,زۆر به سنگ فراوانی یه وه چاوه ڕی هه موو پێشنیارو ره خنه یه کم له هه موو خوێنه رێکی دلسوزه وه.

نێرگز بۆ ئه وه یه که بوونی پێوه بکرێت, ئه گه ر به هاوکاری هه موو لایه ك نه بێت, ئه وا نێرگزه که مان سیس ده بێت و ووشك ده کات .

جاداواکارم له هه ر بوارێك دا که ئاشنای و شاره زایی تان هه یه کۆمه ك مان بکه ن .

منیش ئومێده وارم به م کاره توانیبێتم ئه رکێکی بچوکی سه رشانم جێ به جێ کردبێت .

ن . م . ع

## سپیدار

« کورته چیروك »

**ن . حسامی**

پیرێکی خاراوی ره نج و کار ,خه ریك بوو چیرۆکی رۆژگاری ئه ماوی وشه وگاری بێ ئه ستێره ی خۆی ده گێرایه وه .

سیمای ئه تگوت کولکه ی سپیداره ,به فرو باران و بای ساڵان به سه ری دا گوزه ری کردبێ ,ده نگی له ده نگدانه وه ی شاخ ئه چوو, ده ستی ئه تووت باڵی مه لێکه هێنده به هێزی هه لفڕین قورسه , به شانێوه خۆی ناگرێ .

ده بدوێ ئه ی کانگای ره نج ! هه ناسه ت گه رم , کوانووی پڕ له پشکۆی گه ش و تازه !. له سه ر به ردێك , له قه راخی کێلگه ی ده غل ودانی به ر شنه ی با,دانیشتبوو, تفه نگه که ی له کۆشی دا ئه تگوت کۆرپه یه تی و سه ری خستۆته سه ر سنگی. ئه یوت له م ده شتانه ئه من عومرێك, به م ده ستانه م له شی زه ویم لاوانده وه و, حه یران و به یت و بالوره م بۆ کولوڵی و هه ژاری ی خۆم ورێنگه کرد .

من گوڵی دار بادام بووم و ته رزه ی به هار وه راندمی و من هیچ نه بووم. په لکی نه عنه ی کێوی بووم و خۆری هاوین وشکی کردم. کزه بایه ك راپێچی دام , من هیچ نه بووم .

ره زوباخ بووم گشت پایزێك شه خته لێی دام, من هیچ نه بووم ئه من گوڵی کاروانێك بووم, زستانانه چه ته بردمی و گورگ خواردمی , من هیچ نه بووم . کانی بووم و وشك ده بووم, من خشت بووم و ده توامه وه, قاڵی بووم و پێم پیا ده نرا, کۆیله بووم و شار به ده ر ده کرام . من چکۆله ی هه موو که س بووم که له شێری شایی و شین بووم , هه ر سه ر برام, نـــه ! قوربانی بووم , به زیندوویی به ش به ش کرام .

من وتم نا, هه ستامه وه و لێیان ڕاسام , ئه م چه که م گرت به ده ستمه وه و هاوارم کرد وتم وه رن ! ئێسته بروانه به ژنی من , به ژنم په لکی سپیدار بوو, رگم رۆچووبوه نێو کانیاوی خۆم . که من جووڵام , کێلگه به شوێن مندا هات و رووت و هه ژاری ئه م خاکه له گه ڵم هات .

وتیان « زه وی چۆن ده بزوێ ؟ » .

فتوایان دا : « ئەمە شەیتانە رەجمی کەن ! »
ویستیان وەکوو دێوی نێو ئەفسانە، بەرەو چۆلگەو لوتکەی کێوان ڕاوم بنێن . ڕاوەستام و وەك دارستان ڕەگم ڕوبردە خوارەوە . حەیرانەکەی بەش مەینەتیم بیر بردەوەو، لێوم فێری سروود ببوو . هاوسەنگەری کاك فوئاد بووم . سەنگەر بە من ئاوەدان بوو، بینم بە ئاوی ئەندێشەی تازەوە ئاو لێم خواردەوە .
گەنج بوومەوەو . لەو ڕۆژەوە من پێشمەرگەی بێ بەشان و ڕنجدەرانم .
هەناسەت گەرم، کوانووی پڕ لە پشکۆی گەش و تازە !
دەبدوێ ئەی کانگای ڕەنج !
سیمای ئەتگوت کولکەی سپیدارە، بەفروباران و بای سالان بەسەری دا گوزەری کردبێ . دەنگی لە دەنگ دانەوەی شاخ دەچوو، هەناسەی ئەتگوت شنەی دوای شەستە بارانی بەهارە .

## کۆمەلەی کورد لە ئەریزۆنا

## Arizona Kurdish society

* لەرۆژی ۱۹۹۹/۳/۱۳ دامەزراوە

* ئامانجەکانی ئەم کۆمەلەیە بریتی‌یە لە گەشەپێدانی بواری ڕۆشنبیری ناو ئەندامانی خێزانە کوردەکان‌و پتەوکردنی پەیوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکانی نێوان خێزانەکان .

* ئەوەی شایانی باس بێت، هەرچەندە ئەم کۆمەلەیە هێشتا ساوایە، بەلام لەگەل ئەوەشدا بەپێی توانا دریغی نەکردووە لەجێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی ، وەك کۆمەك کردنی خوێندنگا زانستی یەکانی ناو کوردستان، بەستنی کۆڕو کۆکردنەوەی خێزانە کوردەکانی ناو ئەریزۆنا، چالاکی ی هونەری و مۆسیقا، دانانی وێبێکی کوردی لەسەر ئینتەرنێت . بۆ زانیاری زیاتر ، سەردانی وێبەکە بکە .

*www.geocities.com/azkurds/*

## کوردم

هەژار

برا زۆر سەیرە زوو نەمناسی . . . من هەر زۆر لەزوو کوردم
کە تۆ پێنج شەش کەرەت گۆڕاوی من بێ سێ و دوو کوردم

لە تەکیە بویە جێگر، ڕێنگر و مێگر لەبن بـــــەرمال
ئەمن لەوساوە جێ و بانم لە بانی بێشکە بوو کــــــوردم

عەجەم بووی بوویە تورك و بوویە عەرەب ئێستە سەرشێواو
ئەمن بێ گێلمەگێلم و کەشمەکەش بێ « چاشنوو » کوردم

سپی بووی ، بوویە شین و بوویە سوور و ئێستە ڕووزەردی
ئەمن یەك ڕەنگ و ڕوو، وەك پیاوی خاوەن ئابڕوو کــوردم

کە تۆ بۆ مز لەناو مزگەوتی . . . کوردستانە ڕووگەی من
کە تۆ دەرویێشی زەرگ و مەرگی من بێ هایو هوو کوردم

کە تۆ پەل بۆ هەموو جێیەك ئەکێشی و بێ ڕەگ و بنجی
ئەمن گەر پەلپەلیشم کەن . . . لە سەر یەك ڕێگەم و کوردم

دلت بۆ پارە پارە، بیر لە لیرە گیرە، دەم بۆ دەم
سەراپا ڕەگ بە ڕەگ ئێسقان بە ئێسقان ،موو بە موو کوردم

کە تۆ دەرپێت فڕێ دا و چاکەتی چاکت دەبەر خۆ کرد
ئەمن شەرمم بە خۆو شاییم بە خۆمە . . . جل شڕو کوردم

کە تۆ گیرفان پڕی ، گیرفان بڕی ، من هەر هەژار ماوم
کە تۆ خۆت دا بە خواردن . . . من لەگەل گال و بەڕوو کوردم

بەغدا ــ ئازاری ۱۹٦۱

# ناودارانی کورد,,,

## ڕەوشەن بەدرخان

خاتوو- رەوشەن بە درخان - کچی صالح مە حمود صالح بە درخانی برای بە درخانی مە زنە, رۆژی ١١ ی تە ممووزی ساڵی ١٩٠٩ لە شاری قە یسە ری لە کوردستانی باکوور هاتۆتە کۆڕی ژیانە وە . پاش خوێندن ساڵی ١٩٢٥ دە بێتە مامۆستا,دواتر بۆ ماوە ی دووساڵ زمانی فە ڕە نسی و ئینگلیزی دە خوێنێت ولە سوریا و ئوردون مامۆستایی دە کات . ساڵی ١٩٤١ دە ست بە نووسینی کوردی دە کات ,لە گۆڤاری - هاوار- دا بۆ ژنانی کورد دە نووسێت ولە کێشە کانیان دە کۆڵێتە وە بۆ چارە سە رکردنی . ساڵی ١٩٤٤ دە بێتە ئە ندامی یە کێتی ژنانی سوریا. لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩ لە ئێستگە ی ڕادیۆی سوریا دا کار دە کات و چیرۆکی منداڵان پێشکە ش دە کات . ساڵی ١٩٧١ لە کوردستانی باشوور دە بێتە سە رۆکی یە کێتی ئافرە تانی کوردستان و هە ربە هە وڵ و کۆششی ئە و ئە و یە کێتییە دادە مە زرێت . چە ند پە ڕاوو نامیلکە ی لە ژیانیدا چاپ کردووە لە بارە ی ڕامیاری وکێشە ی ژیان و بیرە وە . ساڵی ١٩٦٣ خانە نشین کراوە . پاش کوژاندنە وە ی ٨٣ مۆمی تە مە نی پڕ شکۆداری ئە م ئافرە تە سە ربە ست و بە ئە مە کە رۆژی ١٣/٦/١٩٩٢ لە شاری - بانیاس- لە سوریا کۆچی دوایی دە کات و بە خاك دە سپێردرێت .

* * *

## جەلادەت بەدرخان

میر جە لادە ت کوڕی ئە مین عالی کوڕی بە درخان پاشایە . ڕۆژی ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٨٩٧ لە شاری ئە ستانبوڵ هاتۆتە کۆڕی ژیانە وە . دوا میری بنە ماڵە کە ی خۆیان بوو کە حوکمڕانی کوردستانی باکوور - جزیرە - ی دە کرد, میر جە لادە ت خوێندنی - حقوق - ی لە زانکۆی - ئە ستە نبوڵ - تە واو کردووە . پاش هاتنی - ئە تاتورك - بۆ سە ر دە ستە ڵات ,ئە م بنە ماڵە یە پە رە وازە بوون بۆ میسرو شام و ئە ڵمانیا . جە لادە ت و کامە ران بە درخان خۆیان گە یاندە ئە ڵمانیا,لە وێ دکتۆرایان وە رگرت . ساڵی ١٩٣٢ گۆڤاری - هاواری - مانگانە ی دە رکردووە لە شام و نوسینە کانی تێدا بڵاو دە کردە وە , هە تاکو تە ممووزی ١٩٤٣ بە ردە وام بوو. لە هە مان کاتدا گۆڤاری - ڕوناهی - شی دە ردە کرد . هە وڵێکی زۆری داوە لە بارە ی وێژە و مێژووشە وە , هە رئە میش بوو یە کە م جار بە پیتی لاتینی کوردیی نوسی و ڕێزمانە کە ی ڕێکخست . فە رهە نگێکی کوردی و یە کێکی کوردی و فە ڕە نسی دانا . میر جە لادە ت گە لێك زمانی دە زانی وە ك : فارسی , تورکی , عە رە بی , یۆنانی , فە ڕە نسی , ئینگلیزی و کە مێکیش ڕوسی بێجگە لە زمانی کوردی . بە درێژایی ژیانی سوور بوو لە سە ر تێکۆشان و خە باتی - رۆژی ١٥ ی تە مموز ساڵی ١٩٥١ لە دێی - هیجانە ـ لە شام لە کاتی ئیشکردندا لە گە ڵ چە ند کرێکارێکدا کە بیریان هە ڵ دە کە ن بۆ ئاودێری , لە پڕ دیواری بیرەکە دە ڕوخێت و دەکەوێتە ناوی و دەبرێت بۆ نەخۆشخانە ، لە شام کۆچی دوایی دەکات .

## ئایا ئەزانی ؟؟؟ !!!

* کورد نه ته وه یه کی به ره گه ز ئاری یه , زمانی کوردی زمانێکی هیندی و ئه ورووپی یه , خاکه که ی که پێی ده وترێت ( کوردستان ), له دوای شه ری جیهانی ی یه که مه وه , به هۆی ده وڵه ته زل هێزه کانه وه دابه ش کراوه له نێوانی عێراق, ئێران, سوریا, تورکیا . بێجگه له م وولاتانه کورد له ئه رمینیاو ئازه ربایجان , سه دان ساڵه نیشته جێن . ژماره ی کورد له سه رتاسه ری جیهان دا له بیست وپێنج ملیۆن که س تێپه ر ده کات .

له لاپه ره کانی مێژووی نه ته وه کانی جیهان دا, کورد به نه ته وه یه کی ئازاو نه ترس له قه ڵه م دراوه . له هه موو قۆناغه کانی مێژوودا به ربه ره کانێی زوڵم و زۆری ی کردووه , هه ربه وپێ یه خاوه نی خه باتێکی دوورو درێژی سه دان ساڵه یه له پێناوی به ده ست هێنانی مافه سه ره تایی یه کانی مرۆڤ دا .

کورد خاوه نی , خاك , مێژوو , زمان , که لتوور , ئه ده بی خۆیه تی ,
کورد هه موو شتێکی خۆی هه یه , ئه وه ی نه یبێ ته نها
( ئازادی ) یه !!!...

.........................

## رۆژمێری کورد

* ئه و ساڵه ی که چوار ئه فسه ره که ی رێگه ی ئازادی کورد که خۆشناوو عزه ت و قودسی و خیر الله بوون له سه ر داواکردنی مافی کورد کران به سێداره داو ته رمه کانیان هێنرایه وه بۆ کوردستان ,
پیره مێردی نه مر له سه ر ئه وه ئێجگار دلگیر ئه بێت و غه م دای ئه گرێت .
.. ئه وساڵه هه ر چه ند ئه کات دڵی به رایی ناهێنێ که ئاهه نگی نه ورۆز بگێرێت , له جیاتی ئاهه نگ ئه م فتوایه ی خواره وه له سه ر کارتێك به شێوه یه کی ماته م له ناو چوار چێوه یه کی رش پۆش دا له چاپ ئه داو به سه ر دۆست و ئاسیاوه کانیدا بڵاو ئه کاته وه , له و کارته دا ده نوسێت :

« ئاگری نەورۆز من هەڵم گیرساندو . ساڵان لە گردی مامەیارە بوو .
ئەمساڵ وا لە جەرگمایە ! گوڵاڵە سورەی نەورۆزو گەزیزە لە خوێنی ئازیزە .
فتوام دا هەتا تەمی ماتەم نەرەوێتەوە نەورۆز نی یە » .

*Kurdish Website* ( )

- - - - - - - - - - - - - - - - - -

## چه ند رێنمایی یه کی گرنگ بۆ لابردنی خه م

* نه پۆشینی که ل وپه لی ته نگ .
* پشت به هاتنه وه یادی خۆت مه به سته , تێبینی یه کانت تۆمار بکه .
* دوور به له که سانی بێ ئومێد .
* گوێ گر به زیاتر له وه ی بدوێیت .
* به ئه ندازه ی پێویست بنوو .
* با هه میشه بزه به سه ر لێوته وه بێت .
* بیر له شتی پێکه نین بکه ره وه .
* کێشی خۆت بپارێزه .
* واز بێنه له شتی خراپ , وه ك (قومار, جگه ره , خواردنه وه ئه لکهوله کان ).
* هه وڵ بده هه میشه رووناك بین بیت .
* وه کو پێویست رێز له که سانی تر بگره .
* بزانه که وه لامی هه موو پرسیارێك نازانیت .
* ئارام و له سه رخۆبه , گرنگی بده به رۆژو ئاینده ی ژیان له ده ستی خۆت دایه .

سه رچاوه :
*California Department of Health Service*

## کورد دەڵێت

* پیاوی ماندوو بۆ گیروگرفت دەگەرێ
* هەموو دەردێك دەرمانی هەیە گەوجی نەبێ
* پێت بخلیسکێ نەك زمانت
* درك نرێ ناگرێ
* بەردی بچوکیش سەرئەشکێنێ
* ئاشی نەزان خوا ئەیگێرێ
* شەرعی مار بە دار

## گۆشەی منداڵان

### ساوای ئاشتی خواز

مناڵێکم کورپه ی ناز
وه ك باوکی خۆم ئاشتی خواز
کوتری سپیی ته قله باز
له چه قه ڵ ئه که م ده رباز
مناڵێکم , مناڵێکم , ئاشتی خواز

*  *  *

نامه وێ گرمه ی بۆمبا
به کوته ك له که لله م با
نامه وێ چه پۆکی شه ر
ماڵی باوکم با به با
مناڵێکم , مناڵێکم , ئاشتی خواز

*  *  *

باوکم نابێ بێ کار بێ
ڕووت و قووت و هه ژار بێ
دایکم فرمێسکی خه مێ
وه ك دڵۆپی به هار بێ
مناڵێکم , مناڵێکم , ئاشتی خواز

*  *  *

نامه وێ هه تیو که وم
که لاوه بێ جێی خه وم
له به ر ئه وه , مایه ی شه ڕ
کێ بێ دوژمنی ئه وم
مناڵێکم , مناڵێکم , ئاشتی خواز

*  *  *

ئه مجا مه رجه تا ماوم
به زمانی پاراوم
گۆرانی ئاشتی بڵێم
ئاشتی ڕووناکیی چاوم
مناڵێکم , مناڵێکم , ئاشتی خواز

## مه ته ڵ

مناڵه ئازیزه کان - - -

ئه وه ی ئه م مه ته ڵه بزانێت , نێرگز سه عاتێکی ده ستی خه ڵات ده کات وه ڵامه که ت بنێره بۆ نێرگز , به ده ست و خه تی خۆت له گه ڵ وێنه یه کی خۆت

نێرگز وێنه که ت بڵاو ده کاته وه . .

**مه ته ڵ پێنج پیته ئه ی قوتابی ژیر**

**پیتی ١+٢ = به مانای خۆم دێت**

**پیتی ٣+٤+٥ = ئاژه ڵێکی گۆشت خۆره**

**پیتی ١+٤+٥ = شوێنی ژیانته**

**هه مووی به یه که وه به مانای خۆته**



## بۆ پێکه نین

**مامۆستا** : ئه گه ر من سێ دینارت بده مێ و باوکیشت دوو دینارت بداتێ , به هه مووی ده کاته چه ند ؟

**قوتابی** : مامۆستا , به هه مووی ده کاته سێ .

**مامۆستا** : ته مبه ڵ چۆن ده کاته سێ ؟

**قوتابی** : ئاخر مامۆستا, ده زانم باوکم هیچم ناداتێ .

